# سودانی: پەیوەندی دەستانە لە نێوان بەغداد و واشنتۆن لەسەر بنەمای دیالۆگی بنیاتنەر دامەزراوە

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، تەئکیدیکردەوە: پەیوەندی دەستانە لە نێوان بەغداد و واشنتۆن لەسەر بنەمای دیالۆگی بنیاتنەر دامەزراوە، و جەختیشی لەسەر پێویستی دوورکەوتنەوە لە هەر هەنگاوێکی تاکلایەنە لە دەرەوەی چوارچێوەی پەیوەندی و هاوڕێکاری کردەوە.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆك وەزیران لە بەیاننامەیەکدا کەدەستی موتەبع کەوتووە، دەڵێت: سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لە مارکۆ ڕوبیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکاوە پێگەیشت. لەمیانەی پەیوەندییەکدا باسیان لە ڕێگاکانی پتەوکردنی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان کەماری عێراق و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و درێژدان بە هەوڵە هاوبەشەکان کرد بە ئامانجی چەسپاندنی هاوبەشی قووڵ و فرەڕەهەندی نێوان هەردوو وڵات لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کولتووری، ئەمنی و سەربازیدا.

بەگوێرەی بەیاننامەکە سەرۆك وەزیران، پابەندبوونی حکومەتی عێراقی دووپاتکردەوە بە درێژدان بە هاوکاریی دووقۆڵی و هەنگاونان بەرەو پشتوە لە جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتن و لێکتێگەیشتنانەی لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا بەدەستیان هێناوە، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەستن بە فراوانکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکان، پەرەپێدانی کشتکی سەرنجڕاکێشی وەبەرهێنان بە بازرگانی، و ڕەخساندنی

کۆشوەوایەکی گونجاو بە وەبەرهێنان و کەمپانیا ئەمریکییەکان لە عێراق، بەرجەستەکردنی دیدگای هاوبەشی نێوان هەردوو وڵات.

سودانی تەئکیدیکردەوە: کە پێیوەندی دەستانە لە نێوان بەغدا و واشنتۆن لەسەر بنەمای گفتوگۆی بنیاتنەر و پێیوەندی بەردەوام لە ڕێگەی چەندین کەناڵەوە دامەزراوە، ئەمەش بەرژەوەندی هاوبەش بەرز دەکاتەوە و متمانەی یەکتر دەچەسپێنێت، لە چوارچێوەی ڕاوێژ و هەماهەنگی بەردەوام بە گەیشتن بە ئامانجە هاوبەشەکان، جەختیشیکردەوە: لە پێویستی دوورکەوتنەوە لە هەر هەنگاوێکی تاکلایەنە لە دەرەوەی چوارچێوەی پێیوەندی و ڕاوێژکاری.

لە درێژەی بەیاننامەکەدا هاتووە: هەروەها هەردوولا تاوتوێی مەرجە دەستوورییەکانیان کرد بە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق، لەگەڵ ئەوەی سەرۆك وەزیران پابەندبوونی حکووماتی دووپاتکردەوە بە بەهێزکردنی پرۆسەی دیموکراسی بە شێوەیەك کە سەقامگیری سیاسی و گەشەسەندنی بەردەوام لە عێراقدا بچەسپێنێت.